### هەلبژاردن لەئۆكرانیا:

# دیموكراسی رۆژئاواو پشێوی كۆمەلایەتی



خەسرەو سایە
k.saya@ukonline.co.uk

بەدوای راگەیاندنی ئەنجامی هەلبژاردنەكانی ئۆكرانیاو بردنەوەی ڤیكتۆر یانۆكۆفیتش بۆ پۆستی سەرۆك وەزیارانی ئەم ولاتە و لەبەرامبەریشدا شكستی كاندیدی ئۆپۆزسیۆن ڤیكتۆر یۆتیشینكۆ، راستەوخۆ دەیان هەزار كەس لەشاری كیف و چەند شاری تردا، لەژێر ناوی تەزویری ئەنجامی هەلبژاردنەكان، بەبانگەوازی یۆتیشینكۆ و هیزەكانی ئۆپۆزسیۆن دەستیان دایە خۆپیشاندان و داوایان لەپەرلمان و لیژنەی نیشتمانی سەرپەرشتیاری هەلبژاردنەكانی ئۆكرانیا كرد كەلەراگەیاندنی ئەنجامەكانی هەلبژاردن، پەشیمان ببنەوە. هاوكات ڤیكتۆر یانۆكۆڤیتش، بەپیداگری لەسەر ئەنجامی هەلبژاردنەكان لەریورەسمیكی رەمزیدا سویندی یاسایی لەبەردەم پەرلماندا خوارد و لایەنگرانیشی بە نۆشینی شەمپانیا لە نیو پەرلماندا ئەم سەركەوتنەی كادنیدەكەیان جەژن گرت. بەلام دریژەكیشانی چەند رۆژەی خۆپیشاندانەكان و فراوانبوونەوەی تائاستی بەربەستكردنی فرۆكەخانەو چەندین دەزگای دەولەتی وشەقامە سەرەكی‌یەكان وهاوكات هاتنە ناوەوەی سوپا و پۆلیس بەپی‌ی دەستوری سەرۆك وەزیرانی تازە هەلبژیردراو، وولاتی ئۆكرانیای بردە نیو قەیرانیكی سیاسی‌یەوە. قەیرانیك كەبەهۆی دەخالەتی دەولەتانی ئەورویا و ئەمریكا و راوەستانیان لەپشت یۆتیشینكۆ و ئۆپۆزسیۆنەوە، چارەنوسی هەلبژاردن و داهاتووی دەسەلات و دیموكراسی لەوولاتی ئۆكرانیادا، لەمەسەلەیەكی ناوخۆوە بردە نیو كیشمەكیش و هەلویستگیری‌یە جیهانی‌یەكانەوە. لەلایەك روسیا لە زمانی ڤلادیمر پۆتینەوە تەئیدی خۆی بۆ ئەنجامی راگەیاندنی هەلبژاردنەكان راگەیاندو پیرۆزبایی سەركەوتنی لەڤیگتۆر یانكۆڤیتیش كرد، لەلایەكی تریشەوە نوینەری یەكیتی ئەورویا و ئەمریكا بەراوەستانیان لەپشت ئۆپۆزسیۆن وكاندیدەكەی، یۆتیشینكۆ، ئەنجامی هەلبژاردنەكەیان رەتكردنەوە و كاربەدەستانی ئۆكرانیایان لەژێر هەرەشەدا راگرت، بەم جۆرەش كۆمەلگای ئۆكرانی لەبەردەم لیواری پشیوی‌ەكی گەورەی كۆمەلایەتی و ئیحتمالی پیكدادانی هیزەكان وشەری ناوخۆدا راگرتووە كەئاكام وپەیەمەكانی واوەتر لەكیشەیەكی ناوخۆ دەخوینیتەوە.

بەلام بەپیچەوانەی دەزگاكانی راگەیاندنی دەولەتانی رۆژئاوا و ئەمریكاوە، پشیوی‌یەكانی ئیستاو سەرهەلدانی سەرەتاكانی قەیرانیكی سیاسی و دەستبردنی جەماوەر بۆ خۆپیشاندانی دەیان هەزار كەسی و هەر كیشمە كیشیكی تری لەم جۆرە، لەسەر ئەنجامی هەلبژاردنەكان و مەسەلەی تەزویر و دزینی دەنگەكان و داكۆكی‌كردن لە"هەلبژاردنیكی نەزیهانە" نی‌یە، بەلكو گۆرینی هەلبژاردنەكانە بۆمەیدانیك لەبەرابەركی‌ی سیاسی و بەرژەوەندی‌یەكانی نیوان رووسیا لەلایەك ودەولەتانی ئەورویا و ئەمریكایە لەلایەكی‌ترەوە. بەواتایەكی‌تر كیشە لەسەر ئەوەیە كە كام كاندیدە دەتوانی نوینەری بەرژەوەندی و سیاسەسی‌یەكانی دەولەتانی ئەورویا و ئەمریكا لەهەلبژاردنەكاندا دابینبكات و بەم جۆرەش حكومەت و دەسەلاتی داهاتوو ئۆكرانیا ببرینیتەوە. ڤیكتۆ یانكۆ فیتیش بەورادەیەی كە دەیەویت سیاسەتەكانی رووسیا لە ئۆكرانیا نوینەرایەتی بكا توانیویەتی پشتیوانی روسیاو ڤلادیمر پۆتین و تەئیدەكانی بەدەست بهینی. بەهەمان شیوەش یۆتیشینكۆ بەورادەیەی سیاسەتی راكیشانی ئۆكرانیا بەرەو ئەورویای یەكگرتوو ئەمریكا و دابرانی حكومەت و دەولەتی ئۆكرانی لەدائیرەو نفۆزی رووسیای كردۆتە بەرنامەی سیاسی خۆی توانیویەتی ببیتە جیگایی پشتیوانی ئەمریكاو دەولەتانی ئەورووپا. بەم جۆرە ئەوەی لەپشت پرۆسەی هەلبژاردن ودیموكراسی ئۆكرانیاوە راوەستاوە كیشمەكیشی بەرژەوەندی و سیاسی ئەم هیزانەیە كەلەدنیای ژیر سایەی تاكرەوی ئەمریكادا خۆی ئاشكردەكات.



چاوتیبرینی ئۆكرانیا بەلای دەولەتی رووسیاوە، وەك ناوچەیەكی نفۆزی دیرنە، كەسالەهای سالە بناغەی هاوپەیمانیتی‌یەكی هەمەلایەنەبووە، لەئیستادا گرنگی‌یەكی ئیستراتیژی لەبەرامبەر دەولەتانی ئەورووپاو ئەمریكادا بە رووسیا و حكومەتەكەی بەخشیوە. بەتایبەتی بەدوای رووداوەكانی جۆرجیا و چیچان و لاتفیا و كەم بوونەوەی نفوزی روسیا و مەترەح بوونی پرۆژەی "پشتینەی ئەمنی سەرسنور" و بەم جۆرەش هەولدان بۆ پیكهنانی پیگەیەكی ئەمنی مسۆگەر لەئۆكرانیا كە خۆی خاوەنی گەورەترین سەرچاوەی چەكی ناوەكی‌یە دەتوانی رووسیا لەمەترسی‌یەكانی تەریك كەوتنەوە ونائارامی سنوری و دەخالەتی ئەمریكاو ئەورویا لەناوچەكەدا دەركیشی.

بۆ ئەورویا و ئەمریكاش دەركیشانی ئۆكرانیا لە بازنەی نفوزی روسی، سەرەرای بەزاندنی سنورەكانی دەسەلاتی روسیایە لەیەكیك لەئەلقە دیرینەكانی خۆیدا، هاوكات دەبیتە مایەی فراوانكردنەوەی ریزەكانی یەكیتی ئەورویا وهاو پەیمانیتی‌یان لەگەل ئەمریكا ودامەزراندنی بنكەیەكی هەرەشە ئامیزە لەپیناو بەستنی دەستی رووسیا لەهەرجۆرە دەخالەت كردنیكی لە كیشەو مەسەلەكانی ناوچەكە و جیهانی ئەمرۆدا.

بەلام تائەوجیگەیەی بەخەلکی ئۆکرانیا و خۆپیشاندەران دەگەریتەوە، هیچ یەك لەکاندیدای هەلبژاردنەکان، نوینەری خەلك و ئاوات و ئارەززوە کانی ئاوان نین. هەلبژاردینك کە لەئۆکرانیا بەریوەچوو، هەلبژاردنیك نەبوو لەنیوان نیوینەرانی خەلك و ئەو گرایشانەی کە تەعبیر لەئاوات و ئارەزوە کۆمەلایەتی‌یە جیاوازەکانی خەلك دەکەن، بەلکو هەلبژارندیك بوو لەنیوان نوینەرانی سیاسەتی دەولەتی روسیا لەلایەك و ئەوروپاو ئەمریکا لەلایەکی‌ترەوە. خەلکی ئۆکرانیا کەسالانیکی زۆرە بەهۆی زالبوونی سیستەمی سەرمایەداری دەولەتی وشیوەکانی حاکمەیتی بۆرژوازی کە هیشتا ئیلهام لە رووسیای پیشین وەردەگری، لەگەل بیکاری و هەژاری وهاتنە خوارەوەی ئاستی ژیان و بیدەرەتانی کۆمەلایەتی بەرەو روو بوونەتەوە، و ئەمەش بۆتە سەرچاوەیەکی بەردەوامی نارەزایەتی ئەوان بەرامبەر بەسیستەمی دەسەلاتداریتی مەوجود. ئەحزابی راستی پرۆ ئەوروپایی و ئەمریکایی ولەسەرویانەوە یۆتیشینکۆ بەسوار بوون بەسەر  ئەم هەستەی  نارەزایەتی خەلکدا و بەپشتیوانی کلیسا و دەولەتانی ئەوروپایی و لەغیابی ئەحزاب و بزوتنەوەی رادیدکال و کۆمۆنیستی‌دا، توانیان خەلکی ئۆکرانیا بەناوی دیموکراسی‌یەوە لە هەلبژاردنەکانی ئیستادا بکەنە  زەخیرەی سیاسەت وبەرژەوەندی‌یەکانی ئەمریکاو دەولەتانی ئەورپا ولەبەرامبەر سیاسەت و بەرژەوەندی‌یەکانی رۆسیادا، بیان کیشنە نیو شەقامەکانی  شارەوە.  بەلام ئەوەی کە یۆتیشینکۆ لەجەرگەی خۆپیشاندانەکانی ئیستادا دەولەت بەشەری ناوخۆ وهەستانی مەدەنی تەهیددەکات و گوایە لەمریگایەوە گەرەکیەتی ئەنجامی هەلبژاردنەکان هەلوەشینیتەوە، بەپیویست کۆمەلگای ئۆکرانیا لەلیواری پشیوی‌یەکی گەورەی کۆمەلایەتی نزیك دەکاتەوە.  لەحالیکی واشدا ئەوە دەولەت و دەسەلاتی مەوجود نی‌یە لەبەردەم هەرەشەدایە بەلکو ئەوە سەرەپای ژیانی خەلك و بناغەکانی کۆمەلگای مەدەنی‌یە کە دەکەویتە بەردەم هەرەشەوە. لەسیناریۆیەکی ئاواشدا بی شك، ئەوە تەنها خەلکی ئۆکرانیایە کەدەبیتە  قوربانی کیشەو دەعوای  نیوان دەولەتانی بۆرژوازی روسیاو ئەوروپا و ئەمریکاو لایەنگرانیان، کە لەپۆرسەی  هەلبژاردن و دیموکراسیکردنی ولاتدا، کەوتونەتە بەرامبەر بەیەکەوە.

بەلام هەلبژاردن و رووداوەکانی ئەم رۆژانەی  ئۆکرانیا و پەیامیك کەسەرانی سیاسی بۆرژوازی دەیدەن، جاریکی‌تر ئەوراستی‌یە دەخاتەوە روو کە دیموکراسی رۆژئاوا و داسەپاندنی بەسەر ولاتاندا، ناتوانی لەدەرگای "نەزاهەتی هەلبژاردن" و وەلانانی "دروکردن و دزی"یەوە خۆی بکیشیتە نیو ئەو ولاتانەوە کەچاوەروانی ئالوگۆری سیاسین، بەلکو ئەوە جەنگ و پیکدادانی قەومی و ئاینی وتەنانەت هینانە پیشەوەی سیناریۆی رەش و پشیوی کۆمەلایەتی‌یە، کەلەئاستی جیاجیادا هاودەمە لەگەل دیموکراسی کردنی وولاتاندا. لەمبارە هەمووان شاهیدی سیناریۆی دیموکراسی لەنمونەی رووسی‌یەکەی هەین کەچون کودەتا و پەلاماری پەرلمان،  ریگای گەیاندنی یەلتسین بوو بەیەکەمین حکومەتەکانی دیموکراسی رۆژئاوایی. لەیۆکسلافیا، جەنگی ناوخۆ و پاکتاوی قەومی و سیناریۆیەکی رەش کە کوشتاری بەکۆمەلی ئینسانی بەرهەمهینا،  ریگای پەرینەوەی سربەکان  و بۆسنی‌یەکان و ئەلبانی‌یەکان بوو بەرەو دیموکراسی رۆژئاوا!!. لەوولاتانی رۆژهەلاتیش، عیراق نمونە هەرەخویناوی و جەنگاوی‌یەکەیەتی، کەهیشتا دیموکراسی یەکەمین هەلبژارنی خۆی بەسەرەنجام نەگەیاندووە، کەژیانی هەزارن منال و ئینسانی مەدەنی رۆژانە بە رەحمەتی گولەتۆپەکانی ئەمریکاوە گری‌داوەتەوە. لەهەموو ئەم نمونانەدا تەنها ئەو ئەوراستی‌یانە لە ماناو مەبەستی دیموکراسی رۆژئاوادا، بەرەجەستەیە کە یەکەم: راوەستان لەپال سیاسەتی دەرەکی ئەمریکاو دەولەتانی رۆژئاوای هاوپەیمانی و نوینەرایەتی کردنی بەرژەوەندی‌یەکانی ئەم سیاسەتە، تەنها پیوانەی پلەی "نەزاهەت" و دیموکراسی بوونی هەرهەلبژاردنیك دەسەلمینی وهەرئەمەش دەتوانی پاسپۆرتی پەرینەوەی بەدناوترین دیکتاتۆربیت بەرەو دیموکراسی و ئەوەش  بەدیموکراتیترین کەسایەتی بەخەلك و دنیای دەرەوە بناسینریت. دووەمیش: لەهەر پرۆسەیەکی هەلبژاردن و دیموکراتیوەکردنی وولاتاندا، سەرپیچی و ناکۆك راوەستانەوە لەبەرامبەر ئەمریکاو سیاسەتەکانی‌دا، بەسادەیی ریگای خویناوی و زەبروزەنگ و نزیککردنەوەی کۆمەلگا لەلیواری شەری ناوخۆ دەبیتە سیناریۆیەکی مەشروع. ئەمەیان ئیتر پوچی ئەو ئیتهاماتە نیشان دەدات کە سالانیکی زۆرە لەلایەن بۆرژوازی رۆژئاوا لەبەرامبەر کۆمۆنیستەکان دەهۆلی بۆلیدەدەن سەبارەت بەوەی هانی توندوتیژی دەدەن کاتیك بیر لەدەسەلات دەکەنەوە.

رووداوەکانی ئۆکرانیا یەکجاری تر دووری کارنامە و هەلسوکەوتی ئەحزابی راستی بۆرژوازی و ئەمریکاو رۆژ ئاواو دیموکراسی‌یەکەیان لەژیان و بەرژەوەندی‌یەکانی خەلکی ئۆکرانیا و ناوچەکە دەخاتەروو.

**2004/11/24**